www.kurdistannet.org
17-2-2003 12:36

رۆژی ڤاڵێنتاین یان جێژنی خۆشەویستی

وەرگێرانی: عەبدولواحیدی خەندەڕەش
awkhandarash@yahoo.com

چەند بیروبۆچوونێکی جیاواز هەن لەمەڕ رۆژی ڤاڵێنتاینەوە. هەندێك لە شارەزایان دەڵێن لە بنەڕەتدا ئەمە لە ناوی سانت ڤاڵێنتاین Saint Valentine هوە هاتووە کە پیاوێکی رۆمی بوو وە بە هۆی رازی نەبوونی بە وازهێنان لە ئایینی مەسیحی شەهیدکرا. ئەو لە 14 ی فێڤرییەی ساڵی 269 ی زایینی دا گیانی سپارد. هەر ئەو رۆژە کە دیاریکرابوو وەك رۆژی بەخت و ئیقبالْ. هەروەها دەڵێن کەوا سانت ڤاڵێنتاین نووسراوەیەکی ماڵاوایی بۆ کچی زیندانوانەکەی کە ببووە هاوڕێی بەجێ هێشتبوو وە لەودا نووسیبووی" لە ڤاڵێنتاینی تۆوە". لایەنەکانی دیکەی چیرۆکەکە دەڵێن گوایە سانت ڤاڵێنتاین وەکوو پیاوێکی بڕوادار لە کلیسادا کاری دەکرد لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆر کلۆدیوس Emperor Claudius. کلۆدیوس ڤالێنتاینی بەند کرد لەبەر ئەوەی سەرپێچی و بەربەرەکانەی فەرمانەکانی ئەوی دەکرد. ساڵی 496 ی زایینی پاپ ژیلاسیوس 14 Pope Gelasius ی فێڤرییەی دیاریکرد بۆ ڕێز لێنان لە سانت ڤاڵێنتاین.

بەرەبەرە، ئەم رۆژە بوو بو رۆژی ئالوگۆڕکردنی پەیامگەلی خۆشەویستی و سانت ڤاڵێنتاین بوو بە هێمای مێهر و خۆشەویستی. لەم رۆژەدا مەردم بە ناردنی هۆنراوە و سووکەڵە دیاریی چون گوڵ ڕێزیان لەم رۆژە دەنا و لە دەوری یەکتری کۆدەبوونەوە و ئەم رۆژەیان بە خۆشی دەبردەسەر.

سەرچاوە: http://www. pictureframes. co. uk

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت